## ڕاگەیاندراوێک لەلایەن ڕێکخراوی هیڤی

بۆ/ ڕای گشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن

بابەت/ ڕوونکردنەوە

چەند ڕۆژێکە لەلایەن چەند کەس و لایەنێکەوە، بە مەبەست و پلانێکی داڕێژراو قسە لەسەر نەخۆشخانەی (سانتی لایف) دەکرێت، بەو پێیەی کە ئەم نەخۆشخانەیە، یەکێکە لە پرۆژە وەبەرهێنەکانی ئێمە، بەپێی یاسای وەبەرهێنان مۆڵەتی پێدراوە، بە پێویستمان زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆ ڕای گشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاو بکەینەوە:

### یەکەم: سەبارەت بە نەخۆشخانەکە

نەخۆشخانەکە پرۆژەیەکی وەبەرهێنانە، لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە بە نووسراوی ژمارە (٣٤٧٠) لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/١٢/٨) مۆڵەتی پێدراوە، ژمارەی مولەتەکەش (١٠٣)یە، بەپێی بڕگەی شەشەم مادده (٧) یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، هەموو ئەو پرۆژانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە تۆمار کراون، بە پرۆژەی کەرتی تایبەت دادەنرێن، هیچ پەیوەندییەکیان بە کەرتی گشتی و حکومەتەوە نیە، بەم پێیە ئەم نەخۆشخانەیە سەر بە کەرتی تایبەتە، ئەوەی لە بارەیەوە دەگوترێت، کە گوایە سەرەتا سەر بە کەرتی گشتی بووە، دواتر دراوە بە کەرتی تایبەت دوورە لە ڕاستییەوە.

دواتر و بە نووسراوی ژمارە (٥٠٢) ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/٥) بڕیاری داوە بە تەمەلیککردن تەنیا ئەو زەوییەی بینا و پێکهاتەی نەخۆشخانەکەی لەسەر دروست کراوە، ئەمەش تەواو کۆکە لەگەڵ یاسای وەبەرهێنان، چونکە بەپێی بڕگە سێیەمی ماددەی (٤) یاساکە، ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان دەتوانێت زەوی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەناو بکات، وەک ڕێکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە، دەستەی وەبەرهێنان بە نووسراوی ژمارە (٥٩٩٠) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٣) داوای لە شارەوانی هەولێر کردووە، کە چەسپاندنی سنور بۆ زەوی پرۆژەکە بکات، بەپێی نووسراوی شارەوانی هەولێر لە بەرواری (٢٠١٩/١٢/٢٢) چەسپاندنی سنوری بۆ کراوە.

ئەم نەخۆشخانەیە لە ساڵی ٢٠١٥، بۆ ماوەی (٨) مانگ کاری کردووە، بەڵام لە بەر نەبوونی بودجەی پێویست بۆ بەردەوامیدان بە

44001 Erbil, Gullan street, next to RT BANK, P.O. Box: 1/0384
Duhok St. Mahabad No.7, +964 750 4314204
nawdary@yahoo.com +964 750 320 55 55
www.heevie.org Facebook: Heevie /Twitter: Heevie

کارکردنی لە کارکردن وەستا. دواترلە ساڵی ٢٠١٧ دراوە بە زانکۆی کوردستان، بە ئامانجی ئەوەی ئەو زانکۆیە ئەرکی بەڕێوەبردنی بگرێتە ئەستۆ و برە پارەی پێویست بۆ بەکارخستنی نەخۆشخانەکە دابین بکات، بۆ خوێندنی کرداری کولیژی پزیشکی زانکۆیەکە سودی لێ ببینێت. بەلام زانکۆی کوردستانیش نەیتوانی نەخوشخانەکە بەڕێوەببات، دواتر پەیوەندیمان بە چەندین وەبەرهێنەری ناوخۆیی کرد، بۆ ئەوەی ئەرکی بەڕێوەبردنی نەخوشخانەکە بگرێتە ئەستۆ، بەڵام بەداخەوە کەس ئامادەیی ئەوە تێدا نەبوو، ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، بۆیە ناچاربووین پەیوەندی بە کۆمپانیا و وەبەرهێنەری بیانیەکانەوە بکەین، بۆ ئەوەی نەخۆشخانەکە بەڕێوەببەن، دوا جار رێکخراوەکەمان گرێبەستێکی کرد لەگەڵ کۆمپانیای (سانتاکیر)، کە کۆمپانیایەکی جیهانییە، لقی لە هەرێمی کوردستان کردووتەوە، لە ئێستادا ئەرکی بەرێوەبردنی نەخۆشخانەکە لە ئەستۆدایە.

سەبارەت بە دەنگۆی کۆکردنەوەی پارە لە خێرخوازانی بەریتانیا، لە لایەن رێکخراوەکەمانەوە، ئەم دەنگۆیە دوورە لە ڕاستییەوە، هیچ برە پارەیەک لە هیچ رێکخراو و کە سایەتیەکی بەریتانی وەرنەگیراوە، هەر کەسێک لەم بارەوە بەڵگەی لایە، خۆشحاڵ دەبین بیانخاتەڕوو.

## دووەم:- سەبارەت بە ڕۆڵی کۆمپانیای ئۆرێکس پریتڕۆڵیۆم

---

ئەم نەخۆشخانەیە لە سەرەتادا پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان ئێمە و ئەو کۆمپانیایە بوو، وەکو نەخۆشخانەی منداڵان، لە بەر ئەوەی سەری نەگرت لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و چارەسەری پزیشکی، وامان لا پەسەند بوو کە بیگۆرین بە نەخۆشخانەیەکی گشتی، کە بەشی جۆراو و جۆر لەخۆبگرێت، لە ئێستادا بەشێکی سەرەکی نەخۆشخانەکەمان تایبەت کردووە بە چارەسەری منداڵان.

لە ساڵی ٢٠١٥ لە رێکەوتی بەکارخستنی نەخۆشخانەکە لەلایەن ئێمەوە، کۆمپانیای ئورێکس دوای (٨) مانگ لە گرتنە ئەستۆی پرۆژەکە شکستی هێنا و پاشەکشەی کرد. ئەمەش دوای ئەوەی کە کۆمپانیای دیلۆتی تایبەتمەند بە ژمێریاری لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوەکرد کە کۆی تێچووی نەخۆشخانەکە بە نرخی ڕۆژ ناگات بە (٥٤) ملیۆن دۆلار، وەک ئەوەی کۆمپانیای ئۆرێکس پریتڕۆڵیۆم بانگەشەی بۆ کردووە، دوای ئەوەی کۆمپانیایەکە نەیتوانی وەڵامی ڕاپۆرتەکەی دیلۆت بداتەوە، بۆیە کۆمپانیایەکە لە پرۆژەی نەخۆشخانەکە پاشەکشەی کرد، شایەنی باسە ئەو کۆمپانیایە دوای خۆی بڕی (٧،٥٠٠،٠٠٠$) حەوت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دولار قەرز بۆ ئێمە بەجێهێشت.

دوای ئەوەی کۆمپانیای ئورێکس شکستی هێنا لە بەرێوەبردنی نەخۆشخانەکە، بە تەواونەکراوی بەجێهێشت، ئێمە هەلساین بە رێکخستنەوەی ئەو نەخۆشخانەیە، لە پاش شکستهێنان لەلایەن کۆمپانیای ئورێکس لە کاری بەڕێوەبردن و تەواو نەبوونی ناوەوەی نەخۆشخانەکە، کە ئەم کارەش تێچوویێکی زۆری پێویست بوو، کە لە توانایی رێکخروای خێرخوازی هیڤی دا نەبوو، ئەمە سەرەرای ئەوە کە برێکی زوری قەرز کە کۆمپانیای ئورێکس لەدوای خۆی بەجێهێشت، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی زورمان دا و بە هاوکاری خێرخوازی توانیمان ئەو قەرزانە بدەینەوە.

## سێیەم:- سەبارەت بە ڕێکخراوی هیڤی

ڕێکخراوی هیڤی، ڕێکخراوێکی خێرخوازی ناحکومییە (NGO)، تایبەتمەندە لە بواری تەندروستی، لە ساڵی (٢٠٠٥) وە کار دەکات و تا ئێستا چەندین پڕۆژەی لە بواری خزمەتگوزاری و چاودێری تەندروستی لەسەرتاسەری عیراق ئەنجام داوە، بەشێک لەو پرۆژانە بە هاوبەشی و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانی وەک ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی و سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێبوون بووە و چەندین ڕێکخراوی تری ناوخۆیی و جیهانی.

ڕێکخراوەکەمان رۆژانە بە سەدەها نەخۆش دەبینێت و هەولی چارەسەرکردنیان دەدات، ئەگەر ساڵی ٢٠١٩ بە نمونە وەربگرین، ڕێکخراوی هیڤی توانی هاوکاری تەندروستی بگەێنێتە (٤٤٩،٠٢٦) نەخوش، سەدان منداڵمان ڕەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کردووە و هەروەها دەیان پروژەمان جێبەجێ کردووە بە هاوکاری ڕیکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO). هەروەها دەیان پزیشک و کارمەندی پزیشکی لە پسپۆریەتی جۆراوجۆر لە رێگەی ئێمەوە ڕەوانەی وڵاتانی ئەوروپا کراون، بەمەبەستی بەشداریکردن لە خوولی پێشکەوتن لە بوارەکانی خۆیاندا و ئاشنابوون لە نوێترین شێوازی چارەسەری و پزشکی وڵاتانی پێشکەوتوو. ڕێکخراوی هیڤی لە ساڵی ٢٠١٨ لە سەر ئاستی عێراق باشترین ڕێکخراوی (NGO) بووە، بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

تێبینی/ ڕێکخراوەکەمان لە ساڵی (٢٠١١) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە ژمارەی مۆڵەت (کۆد) (١٤٨) تۆمار کراوە و لەساڵی (٢٠١٨) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی عیراق بە ژمارەی مۆڵەتی (١١٠١٨٠٧٠٠٥)تۆمار کراوە.

ئەنجامدانی ئەم پڕۆژەیە لە لای ئێمەوە، تەواو گوکە لەگەڵ یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان، چونکە بەپێی برگەی سێیەمی ماددە (١٣) و ماددەی (٢١) یاساکە، ڕێکخراوەکە، دەتوانێت لە چوارچێوەی تاییبەتمەندی خۆی پڕۆژەی وەبەرهێنانی هەبێت و قازانج بکات. بۆ مەبەستی جێ بەجێکردنی کاروباری خێرخوازی ئەم ڕێکخراوە.

دکتور بێوار معین ناقداری

بەڕێوبەری گشتی ڕێکخراوی هێڤی

٢٠٢٠/٩/٣

Heevie Health NGO
ڕێکخراوی هیڤی یا ساخلەمی
منظمة هيفي الصحية منظمة غير حكومية